**هەرێمی کوردستانی عێراق**
ئەنجوومەنی نیشتمانیی
کوردستانی عێراق

## ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق

# پرۆتۆکۆلەکان

# ٢٢

١٩٩٩ ـ بەرگی بیست و دوو

چاپی یەکەم ١٩٩٩

# پێرست:


پرۆتۆکۆلی دانیشتنی دەستپێک چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٥ ........ ل٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٨ ........ ل١٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٢) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/١٩ ........ ل٤٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/٩/٢٢ ........ ل٦٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٤) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣٠ ........ ل١٢٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٥) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٠/٣١ ........ ل١٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٦) دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/١ ........ ل٢١١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٧) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢ ........ ل٢٧١

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٨) چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٣ ........ ل٣٧٥

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (٩) پێنج شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/١١ ........ ل٤٦٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٠) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/١٣ ........ ل٤٧٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١١) چوار شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٤ ........ ل٥٢٧

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٢) شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١١/٢٧ ........ ل٥٣٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٣) یەک شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/١٩ ........ ل٥٣٩

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٤) دوو شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢٠ ........ ل٦٨٣

پرۆتۆکۆلی دانیشتنی ژمارە (١٥) سێ شەممە ڕێکەوتی ١٩٩٩/١٢/٢١ ........ ل٧١٣

پێشنیار دەکەم (٩٠) رۆژەکە بچەسپێ.

ئێمە نالێین لەپێش (٩٠) رۆژەکە نەکرێ، ئەگەر لەماوەی (٣٠) رۆژەکە کرا ئەوە باشترە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یەعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یەعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

منیش پێشنیارێکم هەیە بەبۆنەی ساڵی (٢٠٠٠) رۆژنامەکەش شتێکی پێویست و پیرۆزە ئەگەر ببێتە (١/١) ساڵی تازە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

حکومەت رازین و لەسەر ئەو پێشنیارەن، پێشنیارەکەی کاک سەعید دەخەینە دەنگدانەوە. جەنابی وەزیری ناوخۆ لەگەڵ ئەو رایەدایە. مادام وایە دەبێتە (٦٠) رۆژ. کەواتە ماددەکە بەم شێوەیە دەبێت: ینفذ هذا القانون فی ١/١/٢٠٠٠. با گفتوگۆی لەسەر بکەین. کاک ئیبراهیم فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید محەمەد:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

وابزانم (١/١) پشووی رەسمییە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوە گرفت نییە، با (١/٢) بێت گرنگ ئەوەیە لەساڵی تازە بێت، لەوانەیە ئەو رۆژە رێکەوتی هەینیش بێت.

چ تێبینی تر هەیە لەسەر (١/١)؟.. نییە؟.. کەواتە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا. (ینفذ هذا القانون اعتبارا من ١/١/٢٠٠٠....

دوای ئەو پێشنیارەی کە پەسەند کرا ماددە (١٣) دەخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ پەسەند کرا سوپاس.

وەکو یاسا دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵە؟.. سوپاس.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەم یاسایە پەسەند کرا سوپاستان دەکەین.

دەڕۆین بۆ خاڵی (٢) خستنەروو و گفتوگۆ کردن لەسەر پرۆژەی یاسای باجی دەرامەت.

ئەگەر برادەرانی لیژنەی یاساو لیژنەی دارایی کەرەم بکەن بۆ سەر سەکۆ.

ئەم پرۆژەیە بەپێی نووسراوی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥١٦) لە ١٩٩٩/٧/٦

ناردراوە بۆ پەرلەمان بەناوی هەموارکردنی یاسا کەموکوڕی هەبوو ئەویش بۆیە پاشان لیژنەیەک دروست بوو بۆ ئامادەکردنی پرۆژەیەک ئەو پرۆژەیە تەواو بوو بە هەماهەنگی لە پسپۆڕانی ئەم بوارە لەلایەن حکومەتەوە و هەروەها لیژنەی دارایی پەرلەمانیش بەشداری کرد، ئەو پرۆژەیە ناردرا بۆ پەرلەمان و ئێستا لەبەردەستتان دایەو دەخوێندرێتەوە، با لیژنەی یاسا بفەرمووێت بەڵام پێشەکی با گوێمان لە رای لیژنەکان بێت.

لیژنەی یاسا فەرموون.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

السيد رئيس المجلس الوطني المحترم

م/ رأي للجنة

كتابكم المرقم (ك/٥٦) في ١٩/٩/١٩٩٩ لقد عرض على اللجنة القانونية مشروع قرار تعديل قانون ضريبة الدخل وبعد المناقشة ودراسة المشروع من كافة الجوانب وملاحظات المواطنين المنشورة في صحيفة (خەبات) إرتأت اللجنة إجراء اضافات والتعديلات التالية على المشروع:

١- تعديل الفقرة (هـ) من المشروع بحيث يصبح السماح القانوني للأولاد (٣٠٠) دينار بدلاً من (٢٠٠) دينار.

٢- يكون تنفيذ القرار في ١/١/٢٠٠٠ بدلاً من تاريخ نشره في الجريدة الرسمية.

مع التقدير.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی دارایی فەرموون.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

**اللجنة المالية والاقتصادية**

**العدد: ج/١٠**

**١٩/٩/١٩٩٩**

**الى/ السيد رئيس البرلمان المحترم**

**م/مشروع قرار ضريبة الدخل**

تحية واحتراماً

اجتمعت لجنتنا المالية والاقتصادية صباح هذا اليوم الموافق ١٩/٩/١٩٩٩لدراسة ومناقشة مشروع القرار الخاص بتعديل ضريبة الدخل المحال الينا من قبلكم، وسبق للجنتنا تقديم مشروع خاص بهذا الخصوص اليكم بكتابنا المرقم(ط/٧)في ١٨/٥/١٩٩٩ وندرج ادناه توصياتنا على هذا المشروع:

١ـ درج عبارة ضريبة الدخل في بداية القرار حيث لاتوجد اية اشارة الى نوع الضريبة لكافة مواد القرار ولا في ديباجته.
٢ـ اضافة كلمة (والاقتصاد)الى عبارة (ماعرضه وزير المالية)وتصبح(ماعرضه وزير المالية والاقتصاد)وكذلك اضافة العبارة (استثناءاً من قانون ضريبة الدخل رقم(١١٣)لسنة ١٩٨٢وتعديلاته) الى نهاية الديباجة.
٣ـ المادة الأولى: يتم تغيير مبالغ السماح وتصبح كالآتي:
أـ (٣٠٠٠)ديناراً للمكلف ذاته.
ب ـ (٣٠٠٠)ديناراً لزوجته او زوجاته في حالة كونها ربة بيت.
ج ـ (٣٠٠)ديناراً عن كل ولد من اولاده مهما بلغ عددهم.
ولكم الامر.
***مع التقدير***

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ لیژنەی دارایی و ئابووری ئەو بڕگانەی کە باس دەکرێت لە کاتی خۆیدا پێشنیارەکان دەخەینە روو. کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

وەکو جەنابی سەرۆکی پەرلەمان فەرمووی لیژنەیەک پێک هێنرا ئەو لیژنەیەش لە پسپۆڕانی وەزارەتی دارایی و ئابووری و ئەنجوومەنی وەزیران و زانکۆی سەلاحەدین و ئەندامانی پەرلەمان بوو. ئەندامانی پەرلەمانیش لە لیژنەی یاسای من و کاک شێروان حەیدەری تیابووین و لە لیژنەی دارایی کاک جەمیل سندی کە سەرۆکی لیژنە بوو خۆی تێدابوو لەگەڵ جەنابی شێخ یەحیا ئەو پرۆژەیە لە ئەنجوومەنی وەزیرانەوە هاتووە بە ڕێککەوتن و ڕاوێژ کردن و گفتوگۆکردنی ئەو لیژنەیەش پێکەوە هەموومان کۆک بووین لەسەر ئەو پرۆژەیە کە هاتووە بۆ پەرلەمان بەڵام پاش ئەوەی کاک شێروان لەرۆژنامەی خەبات بڵاوی کردەوە کە ئەوەی رای هەبێت بیدات رایەکی زۆرمان بۆ هات، ئێمە تەنها ئەو رایەمان وەرگرت ئەو پێشنیارەکە بۆ لیژنەی یاسا (٢٠٠) دینارەکە هی (اولاد) ببێتە (٣٠٠) دینار، جێبەجێ کردنەکەش ئەوە پێشنیاری ئێمەیە لە (٢٠٠٠/١/١) ئێمە لیژنەی یاسا (١٠٠٪) لەگەڵ ئەو پرۆژەیەین (شكلا وموضوعا) بێجگە لەو دوو پێشنیارەو سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ ئەو روونکردنەوەیە لە خولی پێشوو سەرۆک بارزانی لێرە چەند پێشنیارێکی خستە بەردەم ئەندامانی پەرلەمان، یەک لەوانە ئەم بابەتە بوو لەگەڵ بابەتی باجی دەرامەت واتا باجی دەرامەت و باجی عەقار و داوای کرد ئەو بابەتە بەڵکو دیراسەت بکرێ لەلایەن پسپۆڕانەوەو

پەرلەمـان بڕیاری لەسـەر بدات، لەسـەر ئەو بنەمـایە حکومـەت وەکـو بـاسم کـرد لە مـانگی (٧) نووسراوێکی بۆ ناردین پێشنیـاری پڕۆژەیەکی کرد دوایی پاش گفـتوگۆ کردن بەباشمان زانی ئەو لیژنەیەک دروست بکرێت و لیژنەکەش پێک هاتبوو لەم بەڕێزانە کە ئەوانەی پەرلەمان ئەو چوار برادەرە بوون:

کاک محەمەد حەسەن باڵەتە، شێروان حەیدەری، جەمیل سندی، شێخ یحیا.

لەلایەن حکومەتەوە ئەم پسپۆڕانە دەستنیشان کرابوون:

فازل نەبی عـوسمان(راگری پەیمانگای تەکنیکی هەولێر)، جەلال عـەبدولەتیف (بەڕێوەبەری باجی دەرامـەت)، مـەحـمـود هالۆ (بەڕێوەبەری گـشـتی وەزارەتی دارایی و ئابووری)، یوسف مـیـرزا محـەمەد بەڕێوەبەری گشـتی لە دیوانی ئەنجوومـەنی وەزیران)، صەباح نەجەمـەدین حەمـەدەمین (بەڕێوەبەری باجی خـانووبەرەی هەولێـر)، سـەردار قـادر (پەیمانگای تەکنیکی هەولێـر)، ئازاد مـەعـروف عـەبدوڵڵا (پەیمانگای تەکنیکی هەولێـر)، عـادل سالح (بەڕێوەبەری باج لەوەزارەتی دارایی)، ئەم لیـژنەیە پاش چەند دانیـشـتنێک پڕۆژەیەکـیـان ئامـادە کـرد و، ئەو پڕۆژەیە درا بە حکومەت بە نووسراوی تایبەتی ناردیەوە بۆ پەرلەمان و درا بە لیژنەی تایبەت پاش خوێندنەوەی یەکەم و ئێستـا ئەو پڕۆژەیە ئامادەیە بۆ گفـتوگـۆ کردنی هیـوادارین ئەمـە ئەنجام بدرێت چونکە خەڵکێکی زۆر چاوەڕێی ئەم پڕۆژانە دەکەن، جا با لیژنەی یاسا کەرەم بکات دەستی پێ بکەین.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

بسم الله الرحمن الرحيم

بأسم الشعب

المجلس الوطني لكوردستان العراق

رقم القرار

تاريخ القرار

قرار

إستناداً الى احكام الفقرة (١) من المادة (٥٦) من قانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل وبناءاً على عرضه وزير المالية ووافق عليه مجلس الوزراء شرع المجلس الوطني بجلسته المنعقدة بتاريخ (               ) القرار الاتي:

اولاً- يمنح الفرد المقيم السماحات الاتية عن كل سنة تقديرية على اساس حالته في سنة نجوم الدخل.

أ- (٢٠٠٠) دينار للمكلف ذاته.

ب - (٢٠٠٠) دينار لزوجته او زوجاته في حالة كونها ربة بيت وليس لها دخل او التي يدمج دخلها مع دخل زوجها.

جـ - (٢٠٠)ديناراً عن كل ولد من اولاده مهما بلغ عددهم.

د- يمنح المكلف لذاته سماحاً اضافياً مقداره (٥٠٠) دينار اذا تجاوز سن الثالثة والستين من عمره اضافة الى السماح المقرر له في الفقرة الاولى اعلاه.

ثانياً: تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب الآتية:-

أ- دخل الفرد المقيم وذلك بعد منح السماحات القانونية المنصوص عليها في الفقرة(أولاً)أعلاه:

(٥٪)لغاية (١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار.

(١٠٪)مازاد عن (١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار لغاية(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار.

(١٥٪)مازاد عن(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار لغاية(٣٠٠٠٠)ثلاثون الف دينار.

(٢٠٪)مازاد عن (٣٠٠٠٠)ثلاثون الف دينار لغاية(٤٠٠٠٠) أربعون الف دينار.

(٢٥٪)مازاد عن(٤٠٠٠٠)اربعون الف دينار لغاية(٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار.

(٣٠٪)مازاد عن(٥٠٠٠٠)خمسون الف دينار لغاية(٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

(٤٠٪)مازاد عن(٦٠٠٠٠)ستون الف دينار لغاية(٧٥٠٠٠) خمس وسبعون الف دينار.

(٥٠٪)مازاد عن (٧٥٠٠٠)خمس وسبعون الف دينار.

ب - تفرض الضريبة على الشركات ذات المسؤولية المحدودة (الصناعية والغير الصناعية)وفق النسب التالية:

(١٠٪)لغاية (١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار.

(١٥٪)مازاد عن(١٠٠٠٠)عشرة آلاف دينار ولغاية(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار.

(٢٠٪)مازاد عن(٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار ولغاية(٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون دينار.

(٢٥٪)مازاد عن(٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون الف دينار لغاية(٤٥٠٠٠)خمس وأربعون الف دينار.

(٣٠٪)مازاد عن(٤٥٠٠٠)خمس وأربعون الف دينار لغاية (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

(٤٠٪)مازاد عن (٦٠٠٠٠)ستون الف دينار.

ج - تفرض الضريبة على شركات المساهمة عدا شركات القطاع المختلط (الصناعية والغير الصناعية) وفق النسب التالية:

(١٠٪)لغاية(٢٠٠٠٠)عشرون آلف دينار.

(١٥٪)مازاد عن (٢٠٠٠٠)عشرون الف دينار لغاية (٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون الف دينار.

(٢٠٪)مازاد عن (٣٥٠٠٠)خمس وثلاثون الف دينار لغاية(٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار.

(٢٥٪)مازاد عن (٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار لغاية (٦٥٠٠٠) خمس وستون الف دينار.

(٣٠٪)مازاد عن (٦٥٠٠٠)خمس وستون الف دينار لغاية (٨٥٠٠٠) خمس وثمانون ألف دينار.

(٤٠٪)مازاد عن (٨٥٠٠٠) خمس وثمانون ألف دينار.

د ـ تفرض ضريبة الدخل على شركات القطاع المختلط وتخضع أرباحها لنسب مئوية مقطوعة مقدارها(٢٥٪)من صافي الربح.

ثالثاً: تقدر قيمة العقار الموروث أو المتملك كما كانت قبل (٧)سنوات من تاريخ طلب تصرف الوارث أو المالك.

اذا كان قد مر على نقل ملكية العقار او حق التصرف فيه للمورث او المالك اكثر من (٧)سبع سنوات و تعتبر القيمة المقدرة على هذا الاساس كلفة على الوارث او المالك، اما اذا كانت الفقرة المذكورة تقل عن ذلك فيؤخذ عندئذ بتقدير التركات او بدل التملك او القيمة المقدرة في معاملات الهبة و التنازل والمبادلة على ان تأخذ المحدثات بنظر الاعتبار اساساً لاحتساب الربح.

رابعاً:ـ

أـ يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار او الشقة المعدة للسكن بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل المبيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكناه على وجه الاستقلال بتأريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية. ولا يعتبر تملك المكلف المذكور او زوجته او اولاده القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتأريخ البيع مانعاً للاستفادة من هذا الاعفاء، ولايتمتع بالاعفاء من تمتع بالاعفاء الوارد في البندل ادناه.

ب ـ يعفى المكلف من قطعة ارض معدة للسكن واحدة عند نقل ملكيتها بالبيع او بأي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل المبيع، اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكنى او شقة سكنية او قطعة ارض معدة للسكن على وجه الاستقلال بتأريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

ج ـ لايستفيد المكلف من الاعفاء الوارد في البندين (أ و ب) من هذه الفقرة إلا مرة واحدة خلال (٣) ثلاث سنوات من تأريخ البيع السابق المتمتع عنه بالاعفاء.

خامساً:ـ

تلتزم وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم بعدم اجراء اي تغيير في الضوابط المالية المعتمدة للسنة التقديرية ١٩٩٩.

سادساً:ـ

لوزارة المالية والإقتصاد في الإقليم إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ احكام هذا القرا.

سابعاً:

لا يعمل بأي نص يتعارض واحكام هذا القرار.

ثامناً: على الوزراء المختصين تنفيذ احكام هذا القرار.

تاسعاً: ينفذ هذا القرار من تاريخ صدوره وينشر في الجريدة الرسمية.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێستا دەیێینە سەر یاساکە مادده بە مادده. کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

پێشنیارەک هەیە لە لیژنەی یاسا کە ئەم پرۆژەیە بەشێوەی یاسا دەربچێت نەک بەشێوەی بڕیار بۆئەوەی ئەو ملابەساتەی کە کاک جەمیل ئاماژەی بۆ کرد نەمێنن، بڕیار بەردەوامی هەیە و شتێکی کاتی نییە، بۆیە ئێمە پێشنیار دەکەین ئەمە بەشێوەی یاسا دەربچێت. ناوی یاساکەش ببێت بە (قانون ضريبة الدخل لإقليم كوردستان العراق). ئەو کاتەش دەبێ دەستکاری بڕگە (٧) بکەین ئەوە زیاد بکەین (يعتبر القوانين والقرارات الضريبية المعمول بها نافذة المفعول بما لا يتعارض واحكام هذا القانون)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

پێشنیارێک هەیە پێشەکی ئەو بڕیارە ببێت بە یاسای (ضريبة الدخل لإقليم كوردستان العراق). ئەگەر چ تێبینییەک نییە دەیخەینە دەنگدانەوە.

کێ لەگەڵ ئەو پێشنیارەیە؟.. سوپاستان دەکەین.. کێ لەگەڵ نییە؟.. بە تێکڕای دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند کرا بوو بە (قانون ضريبة الدخل في إقليم كوردستان العراق).

لە دیباجەکەی لیژنەی ئابووری تێبینییان هەبوو دێری دووەم (ما عرضه وزير المالية والإقتصاد) وشە (الإقتصاد) لە چاپ کەوتووە دەبێ زیاد بکرێت.

ئێستا دێینە سەر مادده (١) فەرموو.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

اولاً- يمنح الفرد المقيم السماحات الاتية عن كل سنة تقديرية على اساس حالته في سنة نجوم الدخل.

أ- (٢٠٠٠) دينار للمكلف ذاته.

ب - (٢٠٠٠) دينار لزوجته او زوجاته في حالة كونها ربة بيت وليس لها دخل او التي يدمج دخلها مع دخل زوجها.

ج - (٢٠٠)ديناراً عن كل ولد من اولاده مهما بلغ عددهم.

د- يمنح المكلف لذاته سماحاً اضافياً مقداره (٥٠٠) دينار اذا تجاوز سن الثالثة والستين من عمره اضافة الى السماح المقرر له في الفقرة الاولى اعلاه.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

مادده (١) چ تێبینییەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە؟. با ناونووس بکەین. یەک تێبینی هەیە ئەو ژمارانەو بڕانەی کە دانراون پسپۆڕان دایانناوە بەرپرسان لەگەڵ پسپۆڕان لەم مەیدانە هیوادارم ئەندامانی پەرلەمان نەیکەین بەوەی کە سەد دینار کەم بکرێت یان زیاد بکرێت، چونکە ئەمە

حسابی بۆ کراوە، تەنها ئەوەمان لەکۆڵ بکەنەوە نەیخەنە کە زۆری لێک نەکێشنەوە.

کاک محەمەد فەرموو.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوێت ئەو سەماحەتەی لە یاسای کۆنی مەرکەزی، یاسای ژمارە (١١٣) ئاماژە پێ بدەم. لێرە هاتووە (٢٠٠٠) دینار للمکلف ذاتە لە یاسای کۆن (١٠٠٠) دینار للمکلف ذاتە واتا (١٠٠٪) زیادمان کردووە، (٢٠٠٠) دینار للزوجە هەموارمان کردووە لە یاسای کۆن (١٠٠٠) دینار بوو للزوجە، ولک ولد (١٠٠) دینار بوو ئێمە دیسان لە پرۆژەکە سەدی سەد زیادمان کردووە بووە بە (٢٠٠)، پێشنیاری لیژنەی یاسا ئەوەیە بکرێت بە (٣٠٠)، من تجاوز سن (٦٣) سنە من عمر (٣٠٠) دینار بوو کردوومانە بە (٥٠٠) دینار، ئەم جیاوازیانە لەگەڵ یاسای کۆندا هەیە، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

واتا پرۆژەی پسپۆران کە لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە پێشکەش کراوە پێشنیاری (مضاعف)ی کردووە بۆ سماحات لە یاسای رەسمی ئەمە شتێکی باشە کە حکومەتی ئێمە ئاوڕ لەو خەڵکە بداتەوەو بەو شێوەیەی کە هەیە، سوپاس کاک محەمەد بۆ ئەو روونکردنەوەیە.

**بەڕێز فەرسەت ئەحمەد عەبدوڵڵا/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لە یاسای عێراقی ئیعفاکردنی مناڵەکان بەشێوەیەکی دیاری کراو هاتووە، بەڵام لێرە بەشێوەیەکی رەهایی (مطلق) هاتووە منیش لەگەڵ فیکرەکەدام بەڵام مادام ئامانجی هەر یاسایەکی باج، لە پێشدا سەپاندی دادوەرییە، مەبەستیش لە دادوەری نەک تەنیا داوەری لە نێوان هاوولاتیان بێت پێویستە دادوەری لەگەڵ حکومەتیش بکرێت، مناڵەکان ئەگەر تەمەنیان لە هەژدە ساڵ زیاتر بێت (٢٠) ساڵ بێت (٢٥) ساڵ بێت (٢٨) بێت لەوانەیە ژنی نەهێنا بێت بۆ ئیعفا بکرێت؟، پێویستە دەخلی سەربەخۆی خۆی هەبێت و ئیعفا نەکرێت، بەرای من ئەو برگەیە سنووردار (تقیید) بکەین چونکە بارودۆخی ئێمە داخوازی ئەمە دەکات بە مەرجێک تەمەنی لە (١٨) ساڵ کەمتر بێت یانیش ئەگەر قوتابی بێت بەس تەمەنی لە (١٨) زیاتر بێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەربارەی ماددە (١) یاسای ژمارە (١٣) هەمووی یەک ماددەیە برادەران کردوویانە بەسێ برگە ئەوە گرفت نییە.

دەربارەی ژمارەکان ئەگەر بێتو بەراورد بکرێت لەگەڵ بژێوی ئەمڕۆ زۆر کەمە راستە (١٠٠٪) زیاد بووە بەڵام ئەگەر (قوەی شرائی) دینار حساب بکرێت دووجای ئەو پترە، ئەوەش کرفت نییە.
لێرە من تێبینییەکەم هەیە لەسەر بڕگە (ب) (٢٠٠٠) دینار لزوجتە او زوجاتە ئەو مەرجەی ئەو برادەرانە دایاننا (في حالة کونها ربة بیت) لێرە لە رۆژهەڵاتدا باوەڕ ناکەم (ذمەی مالی) لەنێوان ژن و مێردا جیاواز بێت یان سەربەخۆ بێت لەبەرئەوە ئەو مەرجە بەرای من پێویست ناکات لەلای ئێمە (ذمةي مالي) لە ژن و پیاودا یەکە، لەبەرئەوە من پێشنیار دەکەم ئەم خاڵە بەم شێوەیە بێت (٢٠٠٠) دینار لزوجتە او زوجاتە. ئەمە یەک.
دوو، برادەران ئاماژەیان بۆ نەکردووە (ارملە و مطلقە) هەیە هەردووکیان منالی خۆیان بەخێو (اعالە) دەکەن، لێرەدا بۆ سماحاتیان بۆ دانەنراوە واتا بەدەر (استثناء) کراون، ئەگەر ئەم یاسایە هەموارکردنە ئەوە دەڵێین ئەمە لە یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٥٩) هەیە.
بڕگەیەکی تر ئەوەی کاک فرسەت ئاماژەی بۆ کرد زۆر پێویستە لە بڕگە (ج) ئەو بڕگەیە زیاد بکرێت (اللذین لم یتموا الثامنە عشرە من عمرهم)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس. ئێمە هەموو جار دەڵێین کێ موداخەلەی هەیە دەستی بەرز بکاتەوە ئەوەی لێرە دەنووسرێت سکرتێر دەیچەسپێنێ، ئەوە هەڵدەستێت، لە کاتی گفتوگۆ کەس زیاد ناکەین. کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مەولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لەبارەی بڕگە (ج) کە برادەران پێشنیاریان کرد بۆئەوەی بۆ تەمەنی (١٨) ساڵ دیاری بکرێت بەرای من (١٨) بەس نییە چونکە هەندێ خێزان هەیە منالی کەم ئەندامی هەیە، لەبەرئەوە ناتوانین بە تەمەن دیاری بکەین و (٢٠٠) دینارەکە (عن کل ولد من اولادە المکلفین بإعالتهم او العاجزین عن العمل)، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، مەلا هادی فەرموو.

**بەڕێز مەلا هادی خضر:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بڕگە (ج) کە (٢٠٠) دینار بۆ منالْ کەمە بەرای من (٣٠٠) دینار بێت، چونکە دوو سەد دینار بەشی کڕینی شیری منالیش ناکات (قوەی شرائی) ئێستا لەگەڵ رابردوو زۆر جیاوازی هەیە ٢٠٠دینار بکرێت بە ٣٠٠دینار و پێشنیارەکەی کاک فرسەت لە جێگای خۆیەتی کە پاش ١٨ ساڵی تەنها ئەوەی موکەلەفی پەکەوتە بێت شتێکی لەو جۆرە زیاد بکرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ڕەجەب فەرموو

**بەڕێز ڕەجەب شەعبان:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

دوای ئەوەی بەڕێزتان ڕون کردنەوەیەکتان دا تەنهایەک پێشنیارم هەیە نڕگەی (ب) دەڵێ (٢٠٠٠ دینار لزوجهە او زوجاتە)من پێشنیار دەکەم بکرێتە (لکل زوجە من زوجاهە) لەوانەیە کەسێک دوو ژنی هەبێت یەکێک بیگرێتەوە ئەوەی تر نەی گرێتەوە ئەوە پێشنیارێکە دەیخەمە بەر دەستی ئەندامە بەڕیزەکان،سوپس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بەلام کاک ڕەجەب ئەوە هاندانێکە ئەگەر ٢٠٠٠هەزار بێت ئەوە هەموو ساڵ دەی دات بە ژنێک ژنێک دێنێت ،سوپاس

کاک شێخ ڕەقیب

**بەڕێز ڕەقیب حوسێن مەلا:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ببورە قسەم نییە ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

لیژنەی یاسا چ ولامێکتان هەیە بۆ ئەو تێبینیانە؟فەرموون

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئەوەی بەڕیزان کاک فرسەت و کاک ئەمین مەولود ئاماژەیان پێکرد ئەوانە هەموو لە یاسای ژمارە ١٣ی ساڵی ١٩٨٣چارە کراوە ئەگەر دەتانەوێ دەقەکەی دەخوێنمەوە سەبارەت بەوانە کە لە ١٨ساڵ زیاترن یان کەمترن یان ئەوانەی کە لە خوێندن بەردەوامن و ئەوانەی بەردەوام نین و ئەوەی عاجزە وئەوەی عاجز نیە هەر هەمووی چارە کراوە ئەوە سەبارەت بە پێشنیارەکانی بەڕیزان کاک فرسەت و کاک ئەمین مەولود. کاک سەبارەت بەپێشنیارەکەی کاک د.ڕزگار بۆ دەمج،ذمەی مالیە سەربەخۆیە بۆ ژن و مێرد هەر کەس سەماحاتی خۆی وەر دەگرێ و ئەگەر تەعەددی زەوجات بوو ئەوە تەعەدودی سماحات نابێت، ئەوە سەبارەت بە جوابەکەی کاک ڕەجەبیش . سەبارەت بە ٣٠٠دینارەکەش ئەوە پێشنیاری ئێمەشە کە زۆر کەمە چونکە بەرزترینیان تاکو ٣٥٠ دینار چووە بەلام سنوری بۆ داناوە تاکو پێنج منداڵ، ئێمە ڕەهامان کردوە پێشنیاری ئێمە ٣٠٠دینارە. سەبارەت بە بێوەژن کە بەرێز د. ڕزگار ئاماژەی بۆکرد، لێرە چارە کراوە چونکە مێرد کە مرد ئەوە بێوەژن سماحاتی خۆی وەر دەگرێ ئەویش ٢٠٠٠دینارە سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبینیەکانی لێژنەی یاسای وابزانم رووە،تیشکی خستە سەر ئەو خالانەی کە تۆزێ نادیار بوون بە تایبەتی تەمەنی یاسایی و بابەتی زوجات چ بەدوا داچونێک هەیە ، کاک سەعید یعقوبی، کاک ئەمین مولود کاک ئیبراهیم بە دوا داچونیان هەیە ، کاک سەعید ، کاک ئیبراهیم فەرموو

**بەڕێز ئیبراهیم دۆغرەمەچی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

تێبنی من لەسەر ۲۰۰۰رەکەیە سماحاتی ۲۰۰۰ سالانە واتە کولفەی مەعیشەیە ئەگەر ئافرەت بێت یان پیاو بێت واتا کولفەی ژیانی لە خواردن و جل و بەرگو خانووە ۲۰۰۰دینار کاک شێروان دەڵێ ۱۰۰٪ زیاد کراوە بەڵێ ۱۰۰٪ زیاد کراوە ئایە ئەگەر ۱۰۰۰ ساڵی ۱۹۸۰ بەراورد بکرێت لەگەڵ ۱۰۰۰ ئێستا یەکە ؟فەرمانبەرێک بەرزترین راتب ۲۰۰ وەر دەگرت یان کاسب کارێک کە کاری دەکرد ۳۰۰ یان ٤۰۰ دیناری ئیش دەکرد بە فەراحی بەشی دەکرد بەلام ئێستا زۆر کەمە من پێشنیار دەکەم بکرێتە ۳۰۰۰ دینار ئەوە یەک. دووەم سەبارەت بە منداڵ ۳۰۰دینار زۆر کەمە من پێشنیار دەکەم کولفەی سالانەی منداڵ□کە سەماحاتی دراوەتێ کەمە لەبەر ئەوە ئەو مانگانە بە ۳۰۰ دینار ناژێ جا سالانەش لەبەر ئەوە من پێشنیار دەکەم ببیتە ۳۰۰۰ دینار سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس، کاک سەعید یعقوبی فەرموو.

**بەڕێز محەمەد سەعید یعقوبی:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک ئیبراهیم باسی هەندێ لە بابەتەکانی منی کرد من زیادەیەکم دەربارەی ئەوەی منداڵان هەیە دادگای شەرعی هەوەلێر کەمترین معاش کەمترین نەفەقە کە بۆ منداڵ دادەندری لە ۱۰۰دینار کەمتر نیە کە دەکات ساڵێ ۱۲۰۰دینار من ناڵێم ئەو مەبلەغە بێت بەلام بەلانی کەم ۵۰۰ دینار بێت چونکە قوەی کرین ئێستاو ئەو کات جیاوازی هەیە، و مەعاش نابێت باجی لە سەر بێت ئەو نەفەقەی کە دادەندرێ بۆ منداڵ نابێت باجی لەسەر بێت و سەد دیناریش شتێکی زۆر کەمە بۆ منداڵان کە داندرایە بگرە دەبێت منداڵ هەر باجی لەسەر نەبێت بەلانی کەم ئەگەر نەش بەخشرێ بڕیارەکە بکرێتە ۵۰۰ دینار سوپاس

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس.کاک ئەمین فەرموو.

**بەڕێز ئەمین مولود:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک شێروان ولامی دایەوە ئەوەمان کرد بەیاسا لە یاساکە هیچ دەقێک نیە ئاماژە بەوە

بکات کە ئێمە گوتومان کە ئەوی لێرە نەهاتبێت بگەڕێینەوە بۆ یاسایەکی تر

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

هەیە لە سەرەتا گوتی لە مادده (٧) چارەسەری ئەو بابەتەی کردوە. کاک شێروان فەرموو وەلامی بەڕێزان بدەوە.

**بەڕێز شێروان ناصح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ئێمە ئەو پرۆژەمان لە هەموو رۆژنامەکەمان بلاو کردەوە کۆمەلێ رامان بۆ هاتووە هەندێ برادەر دەلێن سماحتی زەوجە و زەوج بکرێتە ٣٠٠٠ هەزار هەندێک دەلێن بکرێتە ٥٠٠٠ هەندێکێکی تر دەلێن ببێتە ٦٠٠٠ هەزار بەبێ ئەوەی بابەتەکە شی بکەنەوە و دراسەتی بکەن ، کە ئەو پرۆژەیە داندرا و ئێمە بەشداریمان کر بەر ژەوەندیەکی مام ناوەند داندرا لە نێوان هاولاتیان و حکومەت ، چۆن هاولاتیان خزمەت گوزاریان لە حکومەت دەوێت بە هەمان شێوە حکومەتیش داهاتی لە وان دەوێت بەلام داهاتەکە دەبێت بە شێوەیەکی وا بێت متوازن بێت و بەرژەوەندی هەردوو لایەنی تێدا بێت من نمونەکتان بۆ دینمەوە:خاوەن تەکسیەک دەست کەوتی بە ٦٠٠٠ هەزار دینار دەخەملێندرێ بە گوێرەی یاسای کۆن ئەگەر هاتوو ١٠٠٠ خۆی سماح وەرگرێ ١٠٠٠ خێزانەکەی بێگومان دەکات ٢٠٠٠دینار ئەگەر پێنج مندالیشی هەبێت هەر یەکەو ٢٠٠ دەکات دەکاتە١٠٠٠ هەموو دەکاتە٣٠٠٠ دینار لێرەدا خاوەن تەکسیەکە ٣٠٠٠ دینار سماحات وەر دەگرێ، کەچی هەمان خاوەن تەکسی لە پرۆژەی ئێستادا ٢٠٠٠ خۆی سەماحات وەردەگر و خێزانەکەشی ٢٠٠٠ و ئەگەر پێنج مندالیشی هەبێت ئەوە ١٥٠٠ دینار واتا ٥٥٠٠دینار سماحات وەردەگرێت واتا تەنها ٥٠٠ دینار باج دەی گرێتەوە کە باجەکەی دەکات ٢٥دینار من حەز دەکەنم برادەران بەو شێوەیە بچنە ناو بابەتەکەوە کە خاوەن تەکسی توێژێکی زۆر پێک دێن لەوانەی کە باج دەدەن، وەهەر وەها سەبارەت بە توێژەکانی تر، ئێمە کردوومانەتە ٢٠٠٠ دینار و ٢٠٠٪مان زیاد کردوە ئەو رێژانەمان لەبەر چاو گرتووە، ئەوەی کاک ئەمینیش ئاماژەی بۆ کرد ئەوە لە مادده (١٢) برگەی (٣) ئەگەر کاک ئەمین مەولود لە یاسای ژمارە (١٣) بخوێندرێتەوە چارە سەری لەوێ هاتووە سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێروان، جەنابی وەزیری ناوخۆ ئەگەر تێبینی هەیە

**بەڕێز فازل میرانی/ وەزیری ناوخۆ:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

بەبێ تردید هەر پەرلەمانێک هەر نوێنەری مللەتێکی هەلبژێردراو چ راستەو خۆ چ بە هۆی لیست یەکێک لە ئەرکەکانی سەرەکی ئەوەیە کە بەرگی لە بەرژەوەندی ئەو کەسانە بکات کە دەنگیان پێداوە، وەکو ئەو بەڕێزانەی لێرە کە نوێنەری خەلکی کوردستانن. بنەمایەک هەیە موازەنە لە

نێوان ئەرک و ماف ، ئێمە هاولاتی ئەم کوردستانەین چۆن داوای ماف دەکەین دەبێت بیر لە ئەرکەکانیش بکەینەوە ئەولەویات هەیە ئەولەویاتی کەسی هەیە ئەولەویاتی گشتی هەیە، لەیاساکانی تایبەت مەند ئەولەویەت دەدرێ بە ئەولەویاتی کەسی ، بۆ نمونە بیر لەوە دەکاتەوە چەند سماحات زیاد بکرێت ، بە دیدی من وەکو نوێنەری حکومەت و هەموومان نوێنەری میللەتی خۆمانین ئەولەویەتێکی جەمعی هەیە ئەویش ئەولەویەتی بەردەوام بوونی ئەو کیانە میللەیە کە هەموومان ئەمرۆ لە بوونیدا داوای پێشەوە بردنی ئەولەویەتی کەسیش دەکەین بەبێ بوونی ئەو کیانە بەبێ بەردەوام بوونی ئەو کیانە ناتواندرێ دەسکەوتی کەسیش وەدەست بێنیت،لێرەدا من پێم رەوایە یان من پێم رەواترە ئەندامانی پەرلەمان نوێنەری کیانەکە بن و نوێنەری خەڵکەکەش بن،چونکە کیان بۆ خەڵکە و خەڵک کیان دادەمەزرێنێ،ئێمە وەکو حکومەتی هەرێم سوپاس بۆ خواو بۆ خەڵکی هەرێم ئەوە حەوتەمین ساڵە بەردەوامین لە بەڕێوەبردنی خۆمان ،بە بودجەیەکی کەم ئەم ساڵ بە بودجەیەکی زۆر ساڵی رابردوو، بەلام لە هەموو گرنگ تر بەردەوام بوونی ئێمەیە،چونکە ناکرێ ئێمە کیانەکی کاتی بین ساڵێک پێنج ملیون دۆلارمان هەبێت و ساڵێکی تر رابوەستین، بۆیە ئەوەلەویەت دەبێت بە بەردەوام بونەکە بدرێت چونکە میللەتی ئێمە کیانەکی بەردەوامی دەوێت بە هەموو کەم کوردەکانیەوە نەک کیانێکی دەوڵەمەند بەلام کاتی بۆ یەک دوو ساڵ. لەبەر ئەوە لە چوارچێوەی گفتو گۆ بۆ ئەوەی هەر وەک جەنابی سەرۆکی پەرلەمان ئاماژەی بۆ کرد دوو لە گفتوگۆی یان بۆچونی کەسی بۆ ئەو ماوەیە ئەو پرۆژەیە دوا کەوت؟ تا تێرو تەسەڵ گفتوگۆی بکرێت و نەک تەنها لەلایەن حکومەت و پەرلەمانەوە بەڵکو لەلایەن پسپۆران و توێژی جۆراو جۆری میللەتەکەمان ، بۆیە لە رۆژنامەکان بلاو کرایەوە رای توێژەرەوەکانی لەسەر بلاو کرایەوە ئەوجا کاکلەکەی هاتووە دراوە بە کۆمەڵێ کەسی پسپۆر لە پەرلەمان لە حکومەت و لە خاوەن تایبەت مەندیەکان و پوختەکەی ئەمەیە، ئەونمونەی کاک شێروان حەیدەری ئاماژەی بۆ کرد یەکێ لە نمونەکانە و زۆریش زیندوە و توێژێکی زۆریش دەگرێتەوە، لەبەر ئەوە من ئەو پێشنیارە بە گشتی دەخەمە بەر چاوی بەرێزتان کە پێمان باشە لە تاودانێکی ئابووری باشدا بژین کە ئێمە ئەرگ هاولاتی خۆمان بکەینە سفر، بەلام پرسیارێک لە ولاتێکی دوونیادا هەیە هاولاتی باج نەدات؟ نیە،بانمونەیەک بێنینەوە لە سیستەمی یەک جەمسەردیدا ئەمرۆ ولاتە یەک گرتوەکانی ئەمەریکا یەکەمین هێزە لە جیهاندا تەنهاو تەنها سەرچاوەی واریداتی ئەمەریکا باجە، نە کۆمپانیای فرۆکەوانی هەیە نە نەوت هی حکومەتە نە هێلی شەمەندەفەر هی حکومەتە نە کۆمپانیاکانی گواستنەوەی زەوی و ئاوی و ئاسمانی هی حکومەتە تەنهاو تەنها حکومەت طابع و بەریدی هەیە زائیدەن باجی داهات و جۆرەکانی باج، ئێمە کیانێکین پێویستیمان بە پشتوانی میللەتی خۆمان هەیە میللەتی ئێمە پشتوانی کردین بە خوێن و بە ماڵ بۆ دامەزراندنی کیانێک و بەردەوام بوونی، لەبەر ئەوە ئێمە نابێت لەمرۆ پێداویستی بەردەوام بوونی ئەو کیانە لە بەر چاو نەگرین حەتا ئەگەر لە یەکێ لە بوارەکانی ژیان کاهلی هاولاتیش گران بکات کە بەدیدی من

گرانتر نیە لە سالانی رابردووی پێش دامەزراندنی کیانەکە سوپاس بۆ خوا و خۆش بەختێن بەوەی کە رۆژبە رۆژ کاهیلی هاولاتی ئێمە لە سوک بوون دایە، ئێمە هەموومان ئاواتمان ئەوەیە کە ئەو کاهلە ئێکجار سوک بکەین بەلام ناکرێ ئێمە تووشی حساباتی هەڵەبین ،لە حەسمەکاندا بێن بلێن ئێمە $ ئەوکات دیناری ئەو کات ٣$بووە بەلام ئیمە بێین ئەمرۆش ئەو حەسمەی ئێمە دەی دەین ناکرێ ئێمە بە دۆلار بەراوردی بکەین ، ئێمە بەپێی واریداتی خەڵکی خۆمان سەماحاتەکان ١٠٠٪بووە ، ئەگەر ئێمە حسابێکی وا سەر پێیی بکەین لە دوای حەسمەکان سماحاتەکان٦٢٪داشکێندراوە بۆ پیشە ٧٠٪ داشکێندراوە بۆ عەقار ٨٠٪ کەم کراوەتەوە ئەوەش بە هەموو حسابیک لە دوونیادا کە واریداتی بەر چاو و سابتی نیە واریداتی ئێمە بێچگە لەمانە واریداتن خۆمان تەحەکمی تێدا ناکەین بگرە هۆکاری بابەتی زیاتر لە هۆکاری زاتی تەحەکمی تێدا دەکات ئێمە نابێ بەلانی کە بەردەوەم بوونی ئەوکیانە بە حکومەت و پەرلەمانەوە لە بەر چاو بگرین؟لە حالەتێک کە تەحەکمی بارودۆخی بابەتی زیاتر بوو لە بارو دۆخی زاتی ،ئەگەر ئێمە راوەرگرتنێکی میللەتی خۆمان بکەین ئەو خەڵکانەی کە ئێوەی بەرێز نوێنەریانن من بە دیدەکی رەهاوە دەڵێم دەڵێن ئێمە ئامادەینە کە ئەوەکیانە بمێنێ و بەردەوام بێت با کاهیلی ئێمەش گرانتر بێت لە و رادەیەی کە لە بارادیە(لایکلف الله نفساً الا وسعها) ئەوە بەدواداچونێکی زیاتر نەتەوەیی بوو لەوەی حکومەتی بوو‌بێت ئەوە یەک دووەم من پێم باش نیە ئێمە بەرەو سالی دوو هەزار دەچین ئێمە باسی ئەوە بکەین کە نابێ لە رۆژهەلات ئافرەت زمەتی هەبێت یان ئابووری هەبێت یان سەربەخۆیی دارایی هەبێت من دەڵێم ئێمە لە لایەک داوای یەکسانی دەکەین لەلایەک داوای عەدالەتی کۆمەلایەتی دەکەین لەلایەک داوای مافی ئافرەتی سیاسی و کۆمەلایەتی دەکەین ئەو ئافرەتەی کە مافی هەبێت کە ببێت بە ئەندازیار و دکتۆرە و بە بازرگان و ببێ بە مقاول و خاوەن کار دەبێت سەربەخۆیی داراییشی هەبێت ،ئێستاش خۆش بەختانە لە کۆمەڵگایی کوردەواریماندا ئافرەتیکی زۆرمان هەیە،باجی داهات بە حوکمی پیشەکەی باجی خۆی هەیە جا چ زمەتی مالی بۆ دابندرێ یان نا چونکە داهاتی سەربەخۆی هەیە و مووچەکەی ناچێتە سەر موچەی مێردی خۆی قائمەی راتبی خۆی هەیە خۆی لاپەری تایبەتی خۆی هەیە، دەبێت ئێمە دەبێ ئاواتمان ئەوە بێت کە داهاتووەکی باشی بۆ فەراهەم بکەین ئەوەش بە دیدی من لە گرفتەکان کەم دەکاتەوە و دەوری ئافرەت بەدیار دێخیت، سەبارەت بە منداڵیش لە دونیاش هەتا ئەوانەی دەگەنە ١٨ سالی کە سەر بە خۆیی داراییان هەیە ئەگەر لە ژێر دەستی جێزانەکەیدابێت بەو هۆیانە بێت کەم کەم ئەندامی و شێتاتی کە هەر کەم ئەندامی دەی گرێتەوە یانیش بەردەوام بوون لە سەر خوێندن ئەمانە هەموو تەمەنێکی دیاریان بۆ دانەناوە ئێستاش لە ئەمەریکا ئەگەر کەسێک تەمەتی ٢٠ ساڵ بێت ئەوە لە کۆلێژیش دەخوێنێ و لە ضمنی ئیعالەی خێزانە ئەو سەماحاتە بۆ دایک و باوکی حساب دەکرێت تەکالیفی خوێندنی دەچتە سەرێ چونکە لێرە خوێندن بەلاشە ئەگەر بەلاش نەبا ئێمە دەبایە تێچونی خوێندنی ئەو قوتابیە لە سەر دایک و

باوكی لە ضمنی سماخات بابێكی ترمان بۆ بكردباوە سوپاس

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ جەنابی وەزیری ناوخۆ بۆ ئەو روون كردنەوەیە، كاك جەمیل فەرموو

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

لەگەڵ رێز و پێزانین بۆ لیژنەی یاسا هەروەها زۆر رێزم بۆ جەنابی فاضل میرانی وەزیری ناوخۆ كە باسی رێژەیان كرد كە ١٠٠٪ رێژەی سماحات زیادی كردوە یان بە رێژەی جیاجیا زیاد بووە، ئەوە بەشێوەیەكە نەک بەشێوەی هێزی كردینە ئەگەر تەمەشای ژمارەكان بكەین،كاتێ ئێمە لەگەڵ لیژنەی یاسا دانیشتین تەمەشایی هێزی كرینی حقیقیمان كرد كە نرخی $ چەند بووە ئێستا چەندە كە ئەو كات٣١٠فلس بوو ئێستا بووەتە ١٨دینا رو ربعێک پێویستە هەروەک جەنابی وەزیری ناوخۆش باسی كرد دەبێت ئێمە چاویشمان لە گەنجینەش بێت لەو رێژەیە هێزی كرینی دۆلارو دیناریش یان هی زێری ٩٥٪مان بۆ بەرژەوەندی گەنجینە بەجێ هێشت تەنها ٥٪لە بەرژەوەندی هاولاتیان بەجێ هێشتووە ، ئەو رێژانەمان دانا و دەركەوت كە رێژەی سەماحات بۆ پیاوێک ببێتە ٣٠٠٠ دینار و هەروەها سەماح بۆ ژنەكەی ببێتە ٣٠٠٠دینار چونكە ئێمە تەمەشایی هێزی كرینی حەقیقی، مەبەست لەو یاسایە چیە كە وەزارەتی دارایی و ئابووری وەک پرۆژەیەک ناردویەتی مەبەست لێرەدا ئەوەیە كە كاهلی زەریبی لە سەر هاولاتی یەكجار كەم ببێت،كە لەو پرۆژەدا هاتووە ئەگەر هەر ئەوها بمێنێتن یان ئێمە تەنها ١٠٠دینار بكەینە ٢٠٠دینار ئەوە هیچ گۆرانی گەورە ناكرێ ئەوگۆرانە كەكراوە ٩٥٪لە بەرژەوەندی گەنجینە تەنها ٥٪یان كەمتر لەو رێژەیە كە هەندەجار دەبێتە ٤٪ش ئەگەر بمانەوێ لە بەرژەوەندی هاولاتی دابێت ئەوە دەبێت هەزار دینار ببێتە سێ هەزار دینار ،بەرێز شێروان حەیدەری باسی سایەقی بەكسی كرد كە داهاتەكەی ٦٠٠٠دینارە زەوابتی وەزارەتی دارایی سالانەیە بۆ ئەو سالەیە بۆ سالی ١٩٩٩ سالی٢٠٠٠ وەزارەتی دارایی مافی خۆیەتی زەوابتی نوێ بەپێی هێزی كرین و بەپێی بازاری نوێ و بەپێی قازانجی نوێی ئەوكاتە چ ماددەک قازانجی زۆرە چ پیشەک رەواجی زۆر ترە سالانە ئەوە دەگۆردرێت،لیژنەی یاسا پێشنیاری خۆی واداناوە كە لە ٢٠٠٠/١/١ جێبەجێ بكرێت ئەوكاتە وەزارەت زەوابتی دەگۆرێت و ئێمە ئو مافەمان نیە كە ئەوە بسەپێنینە سەر وەزارەتی دارایی تاكوو زەوابتی خۆی بگۆرێت چونكە ئەوە سالانەیە زەوابتی وەزارەتی دارایی ئەمسالی تەنها تا كۆتایی ١٩٩٩/١٢/٣١ ەلەبەر ئەوە من پێشنیار دەكەم و سوریشم لە سەر پێشنیارەكەم كە ١٠٠٠دینار سەماحات بكرێتە ٣٠٠٠دینار بۆ پیاوان و بۆ ژنەكەشی بەهەمان شێوە و بۆ منداڵیش وەک لیژنەی یاساش لەگەڵماندایە كەببێتە ٣٠٠دینار ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

وابزانم ئەو بابەتە بەدرێژی باس كرا ،بابەتی سماحات باش باس كرا،لەسەرەتاوە گوتمان رەوا نیە

کە پێشێلی هەندێ زەوابت بکەین کە پسپۆران باسیان کردوە ، کاک جەمیل خۆی ئەندامی ئەولیژنەیەبووە کە ئەو پرۆژەی ناردوەم بۆ ئێرە و ئەندامی لیژنەی دارایشە لە پەرلەمان برادەرانیتریش هاوکاریەکی باشیان کرد لە گفتوگۆکرنی ئەو بابەتە ئەو بەراوردانەی کە بۆ دۆلار و دینار دەکریت ئەوەلە جێگای خۆی نیە لە ولاتی تر هەیە جیاوا لە نێوانیاندا زۆر زۆرە هەر کەسەو دەبێ بە پێی توانای خۆی بێت (بەقەدەر بەرەکەی خۆی پێی رابکێشێ)ئێمە ئەمرۆ واقعێکمان هەیە لە کوردستان و پارچەیەکێن لەم عێراقە بۆ بەراوردی ئەوە ناکەن ؟هەروەک زۆرتان باستان کرد کە پارچەیەکن لەو عێراقە یاسای ژمارە ١١٣تاکو ئێستا لە عێراق کاری پێ دەکرێت ووا ئێستا ئێمە هەموارمان کردوە ئێمە ١٠٠٪زیادمان کردوە واتا ١٠٠٪سەماحاتمان زیاد کردوە جیاوازی نێوان پارەی سویسری و چاپیش ١٠٠٪زیاترە بۆیە لە راستیدا حەقە بە چاوێکی بابەتیانە سەیری باری ئابووری خۆمان بکەین و باسی سەماحات بکەین لە بەرژەوەندی ئێمەیە من لە سەرەتاوە گوتم و ئیشارەتێکم بەئێوەی بەرێز دا تکایە مەمان خەنە ناو ئەو درێژ کردنەوە چونکە درێژکردنەوەو ڕێژەو و ژمارەکانی کەسانی پسپۆر داپناوە بۆ نمونە مستەوای مەعیشی باشە مستەوای معیشی مستەوای ئێمە هەزارجار فەرقی هەیە لەگەڵ بەغدا فەرمانبەرێک ئێستا لە بەغدا بەقەدەری نزمترین کەس وەردەکرێت ئەگەر بەراوردی مستوای مەعیشە بکەین ،ئەوان ئازوقە لە unوەر دەگرن وئێمەش وەری دەگرین، بۆیە ئەبێ وەکو ئەندامی پەرلەمان دەبێ ئەو بابەتانە قوڵتر لێی بکۆڵنەوە بابەتیانە سەیری سەماحات بکەن سەیری ئەو ڕێژەیە بکەن، ئەگەر بگەینە ئەو بەراوردە لە راستیدا توشی اشتباە دەبین، باشە بەراوردی دیناری چاپی عێراقی ودیناری سویسری بکەن، ئەوەی ئێستا ٢٠٠٠دینار سەماحی هەیە بیکە بە سویسری فی ١٠٠ دەکاتە ٢٠٠٠٠٠دینار، باشە داهاتی کام فەرمانبەر لە عێراق ٢٠٠٠٠٠دینارە؟بۆیە دەبێت بابەتیانە سەریری بابەتەکە بکەین ، لەبەر ئەوە ئەو برادەرانەی کە پێشنیاریان هەیە و سورن لەسەر پێشنیارەکانیان دەیخەینە دەنگ دانەوە.بەلام رەچاوی ئەو بارە بکەن. فەرموو کاک فرسەت تێبینیەکی هەیە.

**بەرێز فەرسەت ئەحمەد/ سکرتێری ئەنجومەن:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

دەمەوی مداخەلەیەک بکەم لەسەر دوو خاڵ رابوەستم ، بەبێ برادەران باش بزانن کە یاسای باجی دەرامەت پێش ئەو هەموار کردنە یاسای دەوڵەتێکی زەنگین ،خاوەن نەفت بوو،ئێمە نەفتمان نیە ونەکشتوکاڵمان هەیە نە پیشەسازیمان هیە، دەبێ ئەو راستیە باش بزانن کە داهاتی تەناو تەنها باجە، ئەوە یەک.

دوو ،برادەران پشت بە هەڵەیەکی شایع دەکەن ، دێن باسی دۆلار و دینار دەکەن ، منیش حەز دەکەم بەرژەوەندی هاولاتیان بپارێزم ، بەلام جیاوازی نێوان دۆلارو دینار سەبارەت بە حکومەتیش گۆراوە بۆ نمونە ئەگەر حکومەتی ئێمە جاران ٢٠ دیناری وەر گرتبا دەی کرد $

ئێستا ٢٠ دینار وەربگرێ بەرامبەر ١$ە پێویستە ئەو راستیە لە یاد نەکەین، واتا بە یەک چاو سەری بابەت نکەین و بەدوو چاو سەریری بابەتەکە بکەین ، یاسای باج بۆ عەدالەتە و بۆ چالاک کردنی باری ئابووریە و یان فەلسەفەی حکومەتە.ئەگەر هاتوو هەموویان لێک بدەین و بەراوردی بکەین لەگەڵ باری خۆمان کە هیچ داهاتەکمان نیە ، بەراستی خەڵکیش پرسیار دەکات ، دونیایەک پێشمەرگەمان هەیە رۆژانە ١٠ شەهید دەدەی جا چ بارامبەر بە پەپەکە چ بەرامبەر کەسانی تر، بۆ نمونە ئەو شەهیدانە موچەیان دەویت داوا لە من دەکرێ هاوکاری بکەم و ناتوانم بچمە حاجی ئۆمەران بەلام دەتوانم باج بدەم ،لەهەموو دونیا دوو توێژ هەیە توێژێک ولات ئاوەدان دەکاتەوە توێژەکەی تر ولات دەپرێزێ ئەو خەڵکێک هەیە ئەو توێژە دەپارێزێت ، پێویستە لەسەر خەڵکی تر کە هاوکاری لە ئاوەدان کردنەوە و پارێزگاری کردنی ئەو هەوڵەو ئەو ئەزموونە بکات،گۆرینی باجێک و سەماح ٢٠٠دینار کە ئەو ٢٠٠دینارە باج بەی گرێتەوە نەک ٢٠٠دینار لە باجەکە بێتە خوارێ دەبێت ئەو راستیە بزانین ، واتا ٢٠٠دینار لەضمنی باجەکە نیە سەماحی لەسەرە یان سەماحی لە سەر نیە بابەتەکە بەرای من ئەوەندە هێنان و بردنەی پێناوێ ، سوپاس.

بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن: زۆر سوپاس،با پێشنیارەکان کورت بکەینەوە ئەو برادەرانەی کە پێشنیاریان کردوە، پێشنیارێک هەیە کە بکرێتە ٢٠٠٠ دینار ئەگەر سورە لە سەر پێشنیارەکەی دەیخەینە دەنگ دانەوە، کاک جەمیل سورە لەسەر پێشنیارەکەی دەیخەینە دەنگ دانەوە ، پێشنیار دەکات سەماحەکە بکرێت بە ٣٠٠٠ دینار کێ لەگەڵەئەو پێشنیارەیکە؟ سوپاستان دەکەین ، لەگەڵ نیە؟بە زۆرینەی دەنگ ئەو پێشنیارە پەسەند نەکرا، سوپاس.پێشنیارێکی تر هەیە بابەتی منداڵ وابزانم کاک شێروان روونی کردوە و جەنابی وەزیریش تیشکی خستە سەر،لە یاسا بابەتی منداڵ چارە کراوە جا چ لە سەر خێزان بێت یان نا روون کراوەتەوە پێویست ناکات ئێمە بچینە ناو بابەتێک کە یاسا چارەی کردبێت ج ئەو برادەرەی سورە لەسەر پێشنیارەکەی دەیخەینە دەنگ دانەوە، کاک سەعید فەرموو.

**بەرێز محمد سەعید یعقوبی:**

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەبارەت بە منداڵ پێشنیارەکە پێشنیاری من ... دەڵێم دادگا نەفەقە بۆ منداڵ دادەنێ بەلانی کە مانگانە ١٠٠دیناری بۆ دەبڕێتەوە ساڵانە دەکات ١٢٠٠ دینار پێشنیارەکەم ئەوەیە لە باتی ٢٠٠ دینار با ٥٠٠ دینار بێت سوپاس.

**بەرێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک سەعید کە دادگا شتێک دادەنێت بۆ ژیانی ئەو منداڵەیە سەماح مانای ژیان نیە منداڵ لە دەخلی دایکیشی دەخوات لە دەخلی باوکیشی دەخوات و ئازوقە لە unوەر دەکرێت ، مانای ئەوە نیە کە بەو سەماحە ئەموو ژیانی دابین بکات لە هەموو دونیا کەباج داندرا جۆرێک سەماحات هەیە مرۆڤ بەو سەماحەتانە نا ژی خەڵک داهاتی هەیە بەو داهاتە دەژی واتا سەماحاتی داهات

سەرچاوەی ژیانی نیە، بەشێکە بۆ بەهێز کرینی داهاتی ئینسان ، بۆیە کەس ناتوانێ بە ٢٠٠ دینار بژێ و لە هەموو ولاتێکی پێشکەوتوش کە لەسەر یاسای باج دەژین و لەوێش سەماحات هەیە بەلام سەماحات نابێتە داهاتی مرۆڤ،داهاتی مرۆڤ ئەوەیە کە سالانە بەجۆرێ لە جۆرەکان ژیان بەدەستی دێنێت،بۆیە ئەو بابەتە ئەگەر کاک سەعید سورە لەسەری، ئەوە دەیخەینە دەنگ دانەوە،کاک سەعید پێشنیار دەکات ئەوەی منداڵ بکرێت بە ٥٠٠ دینار کێ لەگەڵە؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نیە؟بە زۆرینەی دەنگ پێشنیارەکە پەسەند نەکرا سوپاس. پێشنیارێک هەبوو سەبارەت بە داهاتی ئافرەت کە دەمج نەکرێ وابزانم جەنابی وەزیر روونی کردەوە،لە راستیدا ئێمە لە کۆمەڵگایەکین ئافرەت داهاتی تایبەتی خۆی هەیە کاک د. فەرموو.

**بەڕێز د.قاسم محمد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

سەد لە سەد بۆچوونەکەی کاک فاضل پەسەند دەکەم، من وام نەگوتووە من دەڵێم دوو هەزار دینار لزوجته او زوجه کافیەو ئەوانەی دی زیادەیە واتا ئەو شەرتانە زیادن .

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی لەگەڵ ئەو رایەی ( ٢٠٠٠ ) هەزارەکە بمێنێتەوە، باشە مادەم وایە ئەوە تەواو وابزانم ئەو پێشنیارانەی کە کرا بەو شێوەیە روونە واتە ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، چ تێبینی تر نییە؟.. ماددەکە ئەخەینە دەنگدانەوە، کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەگەر ئیجازەم بدەی کاک جەمیل ئاماژەی بەدوو خاڵ کرد، پێویستە لێرە وەڵامی بدرێتەوە یەک باسی بەرزەفتیەکانی دارایی کرد، وەزیری دارایی پابەندە وەدەسەلاتی خۆیەتی بەرزەفتی دارایی سالانە بەگوێرەی هەل ومەرجی ئابووری ساڵی(٩٩)دەردەکات بۆ( ٢٠٠٠ )بەگوێرەی هەل ومەرجی ئابووری و دارایی ساڵی(٢٠٠٠)دەردەکات لە هەموو عێراقیش وەزیری دارایی وئابووری مخەووەلە بۆدانانی بەرزەفتیەکان کە بۆ ساڵی( ٢٠٠٠ )ی ئاینده کە دەڵێین لە ٢٠٠٠/١/١ کاری پێ بکرێت لەبەر حساباتی دارایی یەک، دووەمینیش عەدالەتی تێدایە بۆ لەساڵی (٩٩)هەندێ کەس باجیان پاکتاو(تەصفیە) کردووە ومەشمول نابن بەوە لەکاتێکیش کەتصدیق کرا ئەوانەی کە بێبەری دەبن، بۆیە ئەگەر بووە ٢٠٠٠/١/١ لە ناحیەی حسابی هەموو وەکی یەکتریان لێدێت بۆیە دەبێ باجی ساڵی(٩٩)بدرێت و نەمێنێتەوە لە ١/١/ وەباجی تازەی دەبێت ،چونکە عەدالەتی تێدایە بۆیە ئەو مێژووەمان دانا و لە (٢٠٠٠/١/١)ە وەکاری پێدەکرێت ، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

کاک شێروان یاساکە روونە یەکەم هەر ئەبێت لە ٢٠٠٠/١/١ە وە بێت چونکە ساڵی(٩٩)وا

تەواو ئەبێت ،دوو وەزیری دارایی و ئابووریش بۆی هەیە ڕێنمایی دەربکات بەڵام ئەو ڕێنماییانە نابێ لە ناوەرۆکی ئەم یاسایە دەرچێت ئەگەر پێویستی بەگۆڕانکاری ژمارە وڕێژە هەبێت زۆر ئاسانە پێشنیارێک وەکو ئێستا پێشنیاری کردووە وە بەوە قانونی ضریبەی بۆ هەموار کراوەتەوە، وا بزانم ئەوە قابیلی گفتوگۆ نییە ئەم مەسەلە ئەخەینە دەنگدانەوە،کێ لەگەڵە؟.. سوپاس، کێ لەگەڵ نییە.. بەزۆربەی دەنگ پەسەند کرا، سوپاستان دەکەین.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ثانيا : تفرض الضريبة على المكلف عن كل سنة تقديرية وفق النسب الاتية :

أ ـ دخل الفرد المقيم وذلك بعد منح السماحات القانونية المنصوص عليها في الفقرة (اولا) اعلاه.

(٥٪) لغاية (١٠٠٠٠)عشرة الاف ديناراً.

(١٠٪) مازاد عن (١٠٠٠٠) عشرة الف دينار ولغاية (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار.

(١٥٪) مازاد عن (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار ولغاية (٢٠٠٠٠) ثلاثون الف دينار.

(٢٠٪) مازاد عن (٣٠٠٠٠) ثلاثون الف دينار ولغاية (٤٠٠٠٠) اربعون الف دينار.

(٢٥٪) مازاد عن (٤٠٠٠٠) اربعون الف دينار ولغاية (٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار.

(٣٠٪) مازاد عن (٥٠٠٠٠) خمسون الف دينار ولغاية (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

(٤٠٪) مازاد عن (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار ولغاية (٧٥٠٠٠) خمسة وسبعون الف دينار.

(٥٠٪) مازاد عن (٧٥٠٠٠) خمس وسبعون الف دينار.

ب ـ تفرض الصريبة على الشركات ذات المسؤولية المحدودة (الصناعيةوالغير الصناعية) وفق النسب التالية:

(١٠٪) لغاية (١٠٠٠٠)عشرة الاف ديناراً.

(١٥٪) مازاد عن (١٠٠٠٠) عشرة الف دينار ولغاية (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار.

(٢٠٪) مازاد عن (٢٠٠٠٠) عشرون الف دينار ولغاية (٣٥٠٠٠) خمس وثلاثون الف دينار.

(٢٥٪) مازاد عن (٣٥٠٠٠) خمس و ثلا ؤن الف دينار ولغاية (٤٥٠٠٠) خمس و اربعون الف دينار.

(٣٠٪) مازاد عن (٤٥٠٠٠) خمس واربعون الف دينار ولغاية (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

(٤٠٪) مازاد عن (٦٠٠٠٠) ستون الف دينار.

جـ ـ تفرض الضريبة على الشركات المساهمة عدا شركات القطاع المختلط (الصناعية والغير الصناعية) وفق النسب الاتية :

(١٠٪) لغاية (٢٠ ٠٠٠) عشرون الاف ديناراً.
(١٥٪) مازاد عن (٢٠ ٠٠٠) عشرون الف دينار ولغاية (٣٥ ٠٠٠) خمس وثلاثون الف دينار.
(٢٠٪) مازاد عن (٣٥ ٠٠٠) خمس وثلاثون الف دينار ولغاية (٥٠ ٠٠٠) خمسون الف دينار.
(٢٥٪) مازاد عن (٥٠ ٠٠٠) خمسون الف دينار ولغاية (٦٥ ٠٠٠) خمس وستون الف دينار.
(٣٠٪) مازاد عن (٦٥ ٠٠٠) خمس وستون الف دينار ولغاية (٨٥ ٠٠٠) خمس وثمانون الف دينار.
(٤٠٪) مازاد عن (٨٥ ٠٠٠) خمس وثمانون الف دينار.

د ـ تفرض ضريبة الدخل على شركات القطاع المختلط وتخضع ارباحها لنسب مئوية مقطوعة مقدارها (٢٥٪) من صافي الربح.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس، چ تێبینییەک لەسەر ئەم ماددەیە هەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

ثالثا: تقدر قيمة العقار الموروث او المتملك كما كانت قبل (٧) سبع سنوات من تاريخ طلب تصرف الوارث او المالك اذا كان قد مر على نقل ملكية العقار او حق التصرف للمورث او المالك اكثر من (٧) سنوات وتعتبر القيمة المقدرة على هذا الاساس كلفة على الوارث او المالك اما اذا كانت الفقرة المذكورة تقل عن ذلك فيؤخذ عندئذ بتقدير التركات او بدل التملك او القيمة المقدرة في معاملات الهبة والتنازل او المبادلة على ان تأخذ المحدثات بنظر الاعتبار اساسا لاحتساب الربح.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

کەس تێبینی لەسەر ثالثاً هەیە؟ ئەیخەینە دەنگدانەوە.. کێ لەگەڵە.. سوپاستان دەکەین، کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا، سوپاس.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

رابعا:

أـ يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار او الشقة المعدة للسكن بالبيع او باي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل المبيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكناه على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

ولايعتبر تملك المكلف المذكور او زوجته او اولاده القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعا للاستفادة من هذا الاعفاء ولايتمتع بالاعفاء من تمتع بالاعفاء الوارد في البند ادناه.

ب ـ يعفى المكلف من قطعة ارض معدة للسكن واحدة عند نقل ملكيتها بالبيع او باي طريقة من طرق نقل المكلية مهما بلغ بدل المبيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكني او شقة سكنية او قطعة ارض معدة للسكنى على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.

جـ ـ لايستفيد من الاعفاء الوارد في (أ و ب) من هذا الفقرة إلا مرة واحدة خلال (٣) ثلاث سنوات من تاريخ البيع السابق المتمتع عنه بالاعفاء .

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک لەسەر ئەم برگەی(رابعاً) هەیە؟ باناونوسی برادەران بکەین، کاک ئیبراهیم سەعید، مامۆستا مەلا تاهیر، کاک د.رزگار، کەسی تر نییە؟ مامۆستا مەلا تاهیر فەرموو.

**بەڕێز مەلا تاهیر زەین العابدین:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

تەنها تێبینیەکەی من لەسەر ئەوەیە کە ئەمەتان لە بڕیار دەرکردوکرتان بە یاسای (ضریبە الدخل فی اقلیم کوردستان العراق )بە ماددەی یەکەم دەستان پێکردو بە اولاً وثانیاً و ثالثاً ورابعاً بەسەردا ڕۆیشتن هەقە بکرێ بە مەوادو ئینجاهەندێ دارشتنەوەو هەندێ ڕاست کردنەوەشی ئەوێ لەگەڵ ڕێزمدا.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

سوپاس مامۆستا ئەوە عادەتەن لە کاتی داڕشتن لای خۆتان ئەکرێت ئێستا ئەمە روونە، کاک ئیبراهیم سەعید فەرموو.

**بەڕێز ئیبراهیم سەعید:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن.**

من لێرە پرسیارێکم هەیە لە برگە(أ)دەڵێت ئەگەر خانوەکت هەبێ وەکۆمەڵێک (قطعەی سەکەنی)ئەگەر پارچە زەویەکە بفرۆشی ئەوە ئیعفا دەبێ کە چەند پارەچە زەویت هەبێ لە برگەی(ب)ئەگەر دوو پارچە زەویت هەبێت یەکێکیان بفرۆشی ئەوە باج دەیگرێتەوە ئەوی تر ئەگەر(١٠)پارچە زەوی وخانوویەکی هەبێت خانووەکەت فرۆشت هەمووی لێبوردنی گشتی دەیگرێتەوە بەینما لە حالەتی(ب)پارچە زەویەک یان خانوویەک یان دوو پارچەت هەبێ پارچەیەکیان بفرۆشی ئەوی تر ئەو سماحاتە دەیگرێتەوە؟ سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجومەن:**

ئەوە لیژنەی یاسا دوایی روونی دەکەنەوە بۆتان سوپاس، کاک د.رزگار فەرموو.

**بەڕێز قـــاسم مــــحـــــەمـــــەد قـــاسم:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن.**

لێرەدا من تێبینیەکم هەیە لەسەرمنالآنی قاصرین ئەوانەی کە ئەو نەخۆشیانەی کەعیلاجیان نییە(العاهات المستدیمە)جا بەدەنی یاخود عقلی کە ئەوە بەردەوام بێت پێویستیان بە خزمەت و صرف هەیە من پێشنیاز دەکەم لەبارەی مرۆڤیەوە ئەو ئەولادی قاصرینەی تێبدا نەمێنێت هەتاکو مشمول نەبێت بەو یاسایە، زۆر سوپاس.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

سوپاس بۆ کاک د.رزگار لیژنەی یاسا ئەوەی کاک ئیبراهیم سەعید نەوعە جیاوازیەک هەیە لەبەینی(أ)و(ب)ئەگەر روونی کەیەوە بۆیان.

**بەڕێز مــــحـــــەمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە:**

فقرة ـأـ يعفى المكلف من ضريبة الدخل عن نقل ملكية الدار او الشقة المعدة للسكن بالبيع او باي طريقة من طرق نقل الملكية مهما بلغ بدل المبيع اذا لم يكن لمالكها او زوجته او اولاده القاصرين دار سكن او شقة سكنية صالحة لسكناه على وجه الاستقلال بتاريخ البيع في محل اقامته الاعتيادية.. ئەوە روونە هیچ گرفتی تێدا نییە، یەعنی خانوویەک یان شوقەیەک بیفرۆشێ چیتر نەبێت لە محلی ئیقامەی لەباج عفو دەبێ مهما بلغ بدل الميبع.. ولايعتبر تملك المكلف المذكور او زوجته او اولاده القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعا للاستفادة من.. فقرە(أ)، ئەمە روونە بتاريخ البيع پارچەیەکی تر بە قانون لە شوقەیەکی تر بە پارچە زەوی بۆ هات،(بتاريخ البيع)ئیستیفادە لە برگە یەک هەر دەکات لايعتبر مانعاً ولايعتبر تملك المكلف المذكور او زوجته او اولاده القاصرين قطعة ارض معدة للسكن او اكثر بتاريخ البيع مانعاً للاستفادة من هذا الاعفاء ولايتمتع بالاعفاء من تمتع بالاعفاء الوارد في البند ادناه.

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاک ئیبراهیم ئەگەر ئیجازە من سێ پارچە زەویم هەیە باشە پارچەیەکی بەناوی خۆمە، پارچەیەکی تر بەناوی منداڵەکانمە، پارچەیەکی تری بەناوی خێزانمە، من ئەو پارچەیەی کە بە ناوی خۆمە نەخانووی ترم هەیە و ئەوەی ترم ما فرۆشتم قابیلی اعفائم وا نییە برایانی یاسا؟ مانع نییە ئەو اعفائە ئەمگرێتەوە( بغض النظر) ئەگەر قطاعی تر هەبوو لە ذمەتی منداڵەکان، وابزانم روونە، لە کاتی بیع من کرین وفرۆشتن دەکەم،پارچەیە بەناوی منە من دەیفرۆشم روونە کاک محەمەد تێبینیەکی لەسەر برگە(ب) کاک ئیبراهیم ئەوە ئێستاکە(أ)روونە(ب)ماوەتەوە هیچ نادیاریەک هەیە (غموضێک) کاک محەمەد توخوا روونی کەرەوە.

**بەڕێز مــــحـــــەمـــــەد حـــــەســـــەن باڵـەتە:**

**بەڕێز ســــــەرۆکی ئـەنجـــــومـــــــەن:**

کاک ئیبراهیم لەنێوان شقە سکنیە ونێوان قطعە سکنیەتێکەڵاو دەکات ، دوو فقرە(أ)ی هەیە

بەس سەبارەت بە دار سەکەن او شقه سکنیه تۆ ئەوەت هەبێت لە شوێنی نیشتەجێ بونت هیچی تر نەبێت بیفرۆشی عەفوکراوی لە باج دان پارەی فرۆشراوەکە هەر چەندێک بێت برگە(ب)سەبارەت بە زەویە پارچە زەوی نیشتەجێ بوونە. جەنابت دوو پارچە زەوی نیشتەجێ بونت هەیە لەشوێنی نیشتەجێ بونت ئەگەر یەکێکی یبفرۆشی تۆ پارچەیەکی ترت هەیە مەعفو نابێ لە ضریبە بەلاّم ئەگەرپارچە وپارچە بیفرۆشێ پارچەی ترت نەبێت عەفو دەبێ لە ضریبە وەکو شوقەی سەکەنی.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

وابزانم روونە کاک محەمەد سوپاس ئەوەی کاک د.رزگار ئەڵێ قاصرین کاک شێروان فەرموو.

**بەڕێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوەی کاک د.رزگار لە زۆربەی زۆری رۆژنەمەکانیش ئەو پێشنیارانەکان بۆ هاتووە بە حەقیقەت کە دەڵێ(ان لايملك هو واولاده القاصرين)اولاده القاصرين کە تێدەکات دەیەوێ خۆ بواردن لەباج دان نەکرێت بۆیە ئەو مەرجەی دانایە ئێمەش لەگەڵێن.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

ماذا يعني القاصر؟ ئەگەر شەرحێکی بچووک بکەی.

**بەڕێز شێروان ناسیح حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

قاصر ئەوەی لە(١٨)ساڵ کەمتر بێت قاصرە.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

یەعنی نەخۆش نییە ئاخر ئەوە کوو تێنەگەن برادەران یەعنی قاصر ئەوەیە نەگەیشتبێتە سنی رشد ، کاک د.رزگار تەعقیبێکی هەیە ئاخر تەعقیب فەرموو.

**بەڕێز د. قاسم محەمەد قاسم:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

ئەوە لە رۆژنامەش هاتووە لە یاسای ئەصلیش هاتووە بەس لە ڤێتری قاصر ئەوەیە کەم ئەندام بێت یا کەم عەقڵ بێ.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

بۆیە روونم کردەوە قاصر ئەوەیە کە سنی رشد عمری نەگەیشتبێتە(١٨)ساڵ قاصر ئەوە معەوەقە. فەرموو تێگەیشتم تێبینیەکەت فەرموو مادە چوار ئەیخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە، کێ لەگەڵ نییە.. بەتێکڕای دەنگ پەسەند کرا.

**بەڕێز حسێن عەلی کەمال:**

رابعا: جـ - لايستفيد من الاعفاء الوارد في (أ و ب) من هذا الفقرة إلا مرة واحدة خلال (٣)

ثلاث سنوات من تاريخ البيع السابق المتمتع عنه بالاعفاء.
خامساً: تلتزم وزارة المالية والاقتصاد في الاقليم بعدم اجراء اي تغيير في الضوابط المالية المعتمدة للسنة التقديرية ١٩٩٩.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

ماده(٥)کێ تێبینی هەیە لەسەر ماده(٥)، کاک شێخ عەدنان، کاک جەمیل، کاک شێروان، کاک سەعید یەعقوبی، کاک ئیبراهیم، کاک جەمیل فەرموو.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

وەزارەتی دارایی و هەموو ساڵێک مافی هەیە بەرزەفتیە داراییە پشت پێ بەستراوەکان (الضوابط المالیه المعتمده)بۆ ئەو ساڵە بەتەقدیری دابنێت ئەوە لەوێ مادەم یاسایە.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵەتە:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

هەشتاو پێنج هەزار بعد طرح السماحات خاضعه بۆ باجی خانووبەرە بعد الاستبعاد

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک محەمەد حەسەن باڵتە، فەرموو کاک جەمیل.

**بەڕێز جەمیل عەبدی سندی:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

دەربارەی سماحات هەر لە داهاتی ئەو کەسە دەکوژن وە دەربارەی قسەکانی کاک محەمەد حەسەن باڵەتە کێ فەرمانبەری باجەکانە باجی خانووبەرەی لەسەرە با حسابی بکات یەکێک سەد هەزار دەخلی هەیە لە عەقارات، دە هەزار باجی ئەساسیە دەدات دەبێتە نەوەد وە نەوەدیش بۆ ئیجازە دەدات ئەو حسابە ئەکرێتن باجی ئیضافی لە هەموویان وەرئەگرێت، سوپاس.

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن:**

سوپاس بۆ کاک جەمیل، وا بزانم روونە چونکە ئەم صیغەیە لە قانوونی ئەساسی وەرگیراوە استبعادەکە تەنها ئەوە کراوە، وە ئەوە لە بەرژەوەندی ئەو کەسەیە کە باجەکە دەدات لە بەرژەوەندی حکومەت نیە ئەویش نسبەکەی زیاد کراوە، فەرموو کاک شێروان.

**بەڕێز شێروان حەیدەری:**

**بەڕێز سەرۆكی ئەنجوومەن.**

من حەز دەکەم روونکردنەوەیک بدەم بە برادەران ئەگەر هاتوو ئێمە بەراووردێکی قانوونی کە بکەین لەگەڵ قانوونی پێشوو ئەوەی کە ئێستا ئیشی پێ دەکرێ ئەوریژانە کە لەو قانوونەدا هاتووە لەگەڵ ئەو ریژانەی کە لەم قانوونەدا هاتوون تەماشا دەکەین یەکەم سماحات بە نسبەت مکلف لە دوو هەزارەوە بوەتە پانزە هەزار واتە حەوت بەرابەر زیاد کرایە دووەم ئەو نسبانەی کە

هەیە لە قانوونی پێشوو  بە شێوەیەکی تووند هاتبوو ئەو نسبانەی کە لەو قانوونە هاتووە بە شێوەیکی نەرم(مرن) ،هاتوون سێیەم بە نسبەت حد الاعلی بە گوێرەی قانوونی پێشتر ئەگەر لەسەدا بیست و پێنج بێ ئێستا کردوومانە بە لە سەدا بیست ،ئەو سێ خاڵە تازەن کە هاتوونە ناو ئەم پرۆژەیە بۆیە ئێمە حسابێکی زۆر زۆر ووردمان کرد لە ئەنجامدا گەیشتینە  ئەوەی کە ئەگەر هاتوو ئەو یاسایە لە پەرلەمان پەسند بکرێ ئەو کەسەی مکلفە  ساڵانە لە سەدا پەنجا باجەکەی دێتە خوارێ، ئێمە لەگەڵ ئەوەین  کە زێدە باج هەر نەمێنێ بەڵام هەروەکو لە پێشتر ئیشارەتمان پێدا ئەبێ بەرژەوەندی یەکسانی هەبێ لە نێوان بەرژەوەندی گەنجینەو بەرژەوەندی هاووڵاتیان، بۆیە ئەم پرۆژەیەمان هێنایە کایەوە،سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

سوپاس بۆ کاک شێروان، وا بزانم سماحات روونە زۆر زۆر لە بەرژەوەندی ئەو کەسەیە کە باج ئەدات بەو شێوەیەی کە ئێستا باس کرا دیسان ئەگەر زەربی سەدی بکەین واتە حەوت سەد لە سەد، نەک حەوت لە سەد، ئەگەر تۆزێک بە ووردی تەماشای بکەین، ماددەی یەکەم ئەگەر هیچ تێبینیەک نییە دەیسخەینە دەنگدانەوە، کێ لەگەڵە...؟ سوپاستان ئەکەین، کێ لەگەڵ نییە...؟ بە تێکڕایی دەنگ پەسند کرا.

**بەڕێز حوسێن عەلی کەمال:**

لا تسترد المبالغ المتحصله على حساب الضريبه الاضافيه قبل صدور هذا القانون.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینیەک هەیە لەسەر ئەم ماددەیە، فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

لا تسترد المبالغ المتحصله ئەوە في حاله تنفيذه بعد صدوره ونشره، بەڵام ئێستا ئێمە پێشنیارمان کرد لە ١/١/٢٠٠٠ ئەوە جێبەجێ بکرێتن لەبەر ئەوە ئەم برگەیە پێویست ناکاو واتە نەمێنێ. سوپاس.

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن:**

چ تێبینییەک هەیە لەسەر پێشنیارەکەی کاک محەمەد حەسەن باڵتە... ؟ نییە ئەخەینە دەنگدانەوە پێشنیارەکە ئەوەیە کە مادەی دووەم نەمێنێ، کێ لەگەڵە...؟ سوپاس، کێ لەگەڵ نییە...؟  بە تێکڕای دەنگ پەسند کرا سوپاس.فەرموو کاک محەمەد.

**بەڕێز محەمەد حەسەن باڵتە:**

**بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەن.**

يعمل بالقوانين والقرارات ضريبه العقار االنافذه بما لايتعارض واحكام هذا القانون ئەوە زیاد بکرێ.

بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان

بەناوی گەل
ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق
ژمارەی بڕیار: ١٥
مێژووی بڕیار: ١٩٩٩/١١/٢

بڕیار

پشت بەو دەسەڵاتەی کە بەپێی بڕگە (٣)ی مادده (٢) لە یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمان دراوە و لەسەر ئەو بنەمایەی کە ئەنجوومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق لە دانیشتنی ڕۆژی ١٩٩٩/١١/١ دا یاساکاری کردووە، ئەم بڕیارەمان دەرهێنا.

یاسای ژمارە (٥)ی ساڵی ١٩٩٩
یاسای باجی دەرامەتی هەرێمی کوردستانی عێراق

**ماددەی یەکەم:**

ئەو کەسەی کە لە هەرێم دادەنیشێ، لە هەر ساڵێکی مەزەندە کراو لەسەر بنچینەی باری گوزەرانی لە ساڵی سەرجەم داهاتەکانی، ئەم بێ قەیدیی (سەماحانە)ی خوارەوەی پێ دەدرێ:

أ. (٢٠٠٠) دینار بۆ خودی ئەو کەسەی لەسەریەتی باجەکە بدات.

ب. (٢٠٠٠) دینار بۆ هاوسەرەکەی یان هاوسەرەکانی لە بارێکدا کە ژنی ماڵەوە بێت و هیچ داهاتێکی نەبێت یان ئەو داهاتەی لەگەڵ داهاتی مێردەکەی لێکدرا بێت.

جـ. (٢٠٠) دینار بۆ هەر منداڵێک لە منداڵەکانی، جا ژمارەیان هەر چەندە بێت.

د. خودی ئەو کەسەی کە لەسەریەتی باجەکە بدات (المكلف)، ئەگەر تەمەنی لە شەست وسێ ساڵی تێپەڕاند، زێدە بێ قەیدییێک (سماح) ێکی دیکەی پێ دەدرێت کە بڕەکەی (٥٠٠) دینارە. جگە لەو بێ قەیدی(سماح)ەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا بڕیاری لەسەر دراوە.

**ماددەی دووەم:**

باجەکە لە هەر ساڵێکی مەزەندە کراو بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە دەخرێتە سەر ئەو کەسەی کە موکەللەفە بیدات.

أ. داهاتی کەسی دانیشتووی هەرێم دوای ئەو بێ قەیدییە (سماحە) یاساییانەی کە لە بڕگەی یەکەمی سەرەوەدا هاتوون:

(٥٪) تاکو دەگاتە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار.

(١٠٪) ئەوەی لە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار.

(١٥٪) ئەوەی لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە (٣٠٠٠٠) سی هەزار.

(٢٠٪) ئەوەی لە (٣٠٠٠٠) سی هەزار دینار پتر بێت. تاکو دەگاتە (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار.

(٢٥٪) ئەوەی لە (٤٠٠٠٠) چل هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار.

(٣٠٪) ئەوەی لە (٥٠٠٠٠) پەنجا هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار.

(٤٠٪) ئەوەی لە (٦٠٠٠٠) شەست هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٧٥٠٠٠) حەفتا و پێنج هەزار دینار.

(٥٠٪) ئەوەی لە (٧٥ ٠٠٠) هەزار دینار پتر بێت.

ب ـ باج لەسەر کۆمپانیا دەستەلات سنووردارەکان (پیشەسازی و ناپیشەسازی) بەپێی ئەم ڕێژانە خوارەوە دەسەپێندرێ:
(١٠٪) تاکو (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار.
(١٥٪) ئەوەی لە (١٠٠٠٠) دە هەزار دینار پتر بێت، تاکو دەگاتە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار دینار.
(٢٠٪) ئەوەی لە (٢٠٠٠٠) بیست هەزار پتر بێت تاکو دەگاتە (٣٥٠٠٠) سی و پێنج هەزار دینار.
(٢٥٪)ئەوەی لە(٣٥٠٠٠)سی وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٤٥٠٠٠)چل وپێنج هەزار دینار.
(٣٠٪)ئەوەی لە(٤٥٠٠٠)چل وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٦٠٠٠٠)شەست هەزار دینار.
(٤٠٪)ئەوەی لە(٦٠٠٠٠)شەست هەزار دینار پتر بێت.
ج ـ باج لەسەر کۆمپانیا هاوپشکەکان جگە لە کۆمپانیای کەرتی تێکەڵاو(پیشەسازی ونا پیشەسازی)بەپێی ئەم ڕێژانەی خوارەوە فەرز دەکرێ:
(١٠٪)تاکو دەگاتە(٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار.
(١٥٪)ئەوەی لە(٢٠٠٠٠)بیست هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٣٥٠٠٠)سی وپێنج هەزار دینار.
(٢٠٪)ئەوەی لە(٣٥٠٠٠)سی وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٥٠٠٠٠)پەنجا هەزار دینار.
(٢٥٪)ئەوەی لە(٥٠٠٠٠)پەنجا هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٦٥٠٠٠)شەست وپێنج هەزار دینار.
(٣٠٪)ئەوەی لە(٦٥٠٠٠)شەست وپێنج هەزار دینار پتر بێت تاکو دەگاتە(٨٥٠٠٠)هەشتا وپێنج هەزار دینار.
(٤٠٪)ئەوەی لە(٨٥٠٠٠)هەشتا وپێنج هەزار دینار پتر بێت.
د ـ باجی داهات لەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تێکەڵاو فەرز دەکرێت وقازانجەکانی دەکەونە ژێر باڵی ڕێژەی سەدەیی براوە کە بڕەکەی(٢٥٪)ی پاکتاوی قازانجەکەیەتی.

**ماددەی سێیەم:**

نرخی خانوو بەرەی بە میرات بەجێماو یان بە موڵک کراو وەکو حەوت ساڵ بەر لە مێژووی داوا کردنی تەسەروفی لەلایەن میراتگر یا خاوەنەکەی، مەزەندە دەکرێت، ئەگەر پتر لە حەوت ساڵ بەسەر گواستنەوەی موڵکیەتی خانوو بەرەکە یان مافی تەسەروفی خاوەن میرات یان خاوەنەکەی ڕەت بوو بێت و، ئەو نرخەی کە لەسەر ئەو بنچینەیە مەزەندە کراوە، دەبێتە خەرجییەک لەسەر میراتگر یان خاوەن موڵکەکە. بەڵام ئەگەر بڕگەی ناوبراو لەوە کەمتر بوو، ئەوکات موڵکە بەجێماوەکان یان کرێی بە موڵک کردن یاخود نرخی خەملێنراو لە مامەڵەی بەخشین ودەست لێ هەڵگرتن یاخود گۆڕینەوە بە مەزەندە دادەنرێن، بە مەرجێک شتە نوێکان ڕەچاو بکرێن وببنە بنچینەیەک بۆ حیساب کردنی قازانج.

**ماددەی چوارەم:**

أـ ئەو کەسەی باجی داهاتی کەوتۆتە سەر، لە باجی گواستنەوەی موڵکایەتی خانوو یاخود شوقەی نیشتەجێ بوون بە فرۆشتن یان بە هەر ڕێگایەک لە ڕێگاکانی گواستنەوەی موڵکایەتی عەفوو دەکرێت.
جا پارەی فرۆشتنەکە بکاتە هەر چەندێک، ئەگەر خاوەنەکەی یان هاوسەرەکەی یاخود منداڵە ناکامەکانی لە ڕۆژی فرۆشتنی موڵکەکە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی ئاسایی خانوو یان شوقەیەکیان نەبێت کە بۆ نیشتەجێ بوون دەست بدات و بە شێوەیەکی سەربەخۆ بێت.

ئەو کەسـە باسکراوە یان هاوسـەرەکەی یاخود منداڵە ناکامـەکانی ئەگەر لە رۆژی فرۆشـتندا پارچە عـاردێکی ئامادە کراویان هـەبێت بۆ نیـشـتەجێ بوون یاخود زیاتر، ئەمـە نابێـتە رێگر لە سـوود وەرگرتن لەم عـەفوو کردنەو هەر کەسێکی سـوودی لە عـەفوو کردنی ئەم بەندەی کە دێت وەرگرتبێ، سـوود لەم عـەفوو کردنە وەرناگرێت.١

ب ـ ئەو کەسـە باسکراوەی باجی کەوتۆتە سـەر، لە کاتی گواسـتنەوەی مـوڵکایەتی بە فرۆشـتن یان بەهـەر رێگایەک لـە رێگاکـانی گـواسـتنەوەی مـوڵکایەتی جـا پارەی فـرۆشـتنەکە هـەر چەندەکی بێت، عـەفوو دەکرێت، ئەگەر خاوەنی مـوڵکەکە یان هـاوسـەرەکەی یاخود منداڵە ناکامـەکانی خـانووی نیـشـتەجێ بوون یاخـود شـوقـقـە یان پارچە عـەردێکی ئامـادەکراوی سـەربەخۆ یان لە رۆژی فرۆشـتندا لە شـوێنی نیشـتەجێ بوونیان نەبێت.

ج ـ ئەوەی سـوودی لە عـەفـوو کـردن وەرگـرتبێ. سـوود لـەم عـەفـوو کـردنە وەرناگـرێ کـە لە خـاڵەکـانی(أ و ب)ی ئەم برگـەیەدا هـاتووە. تەنیـا جـارێک نەبێ لـە مـاوەی سـێ سـاڵ لە مێژووی فرۆشـتنی پێشـوویەوە.

**ماددەی پێنجەم:**

وەزارەتی دارایی وئابووری بۆی هـەیە رێنمـایی پێـویسـت بۆ ئاسـانکردنی جـێبـەجێ کـردنی حوکمـەکانی ئەم یاسـایە دەربهێنێ.

**ماددەی شـەشـەم:**

کار بە یاسـاو بڕیارە باج سـتێنییە بەرقـەرارەکان دەکرێ کە لـەگەڵ حوکمـەکانی ئەم یاسـایەدا هـاودژ نەبن.

**ماددەی حەوتەم:**

لەسـەر وەزیرە تایبەتمـەندەکانە حوکمـەکانی ئەم یاسـایە جێبـەجێ بکەن.

**ماددەی هـەشـتـەم:**

ئەم یاسـایە لە ٢٠٠٠/١/١ەوە کاری پێ دەکرێ و لـە ڕۆژنامـەی ڕەسـمیشـدا بڵاودەکرێتەوە.

**جوهر نامق سـالم**
**سـەرۆکی ئەنجوومـەنی نیشـتمانیی**
**کوردسـتانی عێراق**

هۆیە پێویسـتەکان

بەمـەبەسـتی سـووککردنی باج بەسـەر هـاووڵاتییـانەوە بۆ ئەوەی پشـکێکی دادوەرانە لە داهـاتی (المکلف) بۆی جێ بهـێـڵـدرێ و هـان بـدرێ تا چـالاکـیـیـە بازرگـانی و ئابووریـیـەکـانی خـۆی فـراوان بکا و بەشـداری لە وەبەرهێـنانە بەسـوودە تازەکان بکات، ئەم یاسـایە دەرهێندرا.